## پەرلەمانی نوێی هەڵبژێراوی کوردستان بە دوا داچوون دەکات بۆ کارە تەواو نەکراوەکانی خولی پێشووی پەرلەمان ... ساسان دەروێش

هۆڵەندا



رژێمی داروخاوی عێراق. لەدوای راپەرینی خەڵکی کوردستان و ئازادکردنی شاروشارۆچکەکانی کوردستان بەکەرکوکیشەوە. دوای کۆکردنەوەیەکی شپرزەی سەرباز و جبەخانە کانیان. رژێم هێرشی کردەوە بۆ ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان. لە دوای بەرگریەکی شێرانەی پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانی لەدواخاڵی شەرکردن لە سەربازگای خالید وقەرەهەنجیر وتۆمارکردنی داستانی ئەزمەڕ و کۆرێ. کورد بەتێکرای دەنگ.
رژێمیان رەت کردەوە بەکۆرەوە ملیۆنیەکەی و لە ئاکامیا. دامەزراندنی ناوچەی ئارام وچیتر کوردکوشتن لەلایەن جیهانەوە بووەخەتێکی سوورکێشراوبۆرژێمی فاشی عێراق و هیچ کاردانەوەیەکی نەما. بڕیاری گەمارۆی ئابوری و کێشانەوەی دەم ودەزگا حکومیەکانی لەهەرێمی کوردستان دا و لە ئاکامیا بووە هۆی بۆشایی کارگێڕی وباسایی لەهەرێمەکەماندا. بۆیە لە سەرپێشنیاری بەڕێزمەسعودبارزانی وسەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری لە هەرێمی ئازادکراوی کوردستاندا پەسەند کرا. لە بەرواری 19-5-1992 رۆڵەکانی کورد بەگەنج ولاوپیرو پەکەوتەوە بەوپەڕی خۆشحاڵی ودڵ پڕ لەئومێدەوە روویان کردە هۆڵەکانی هەڵبژاردن وسندوقەکانی دەنگدان بۆئەوەی بەئازادانە نوێنەری راستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن بۆ ئەنجومەنێکی نیشتیمانی لەکوردستانی عێراقدا. بۆیەکەم جارئەوگەلەستەم دیدەوخێر نەدیوو پڕ لەقوربانیە لەمێژووی پڕ سەروەری وخەباتی خوێناوی وچەکداری دا تەعبیرلەئیرادەی دیموکراسی ومافی مرۆڤ وسەروەری یاساوئازادی بکات. بەڵام بەداخەوە بۆ مژدانە بەخشینی ئەنجامەکەی. زریانی شەڕومالْ وێرانی کورد ولێک ترازاندنی هەڕەشەی لە نێومالْی کورد دەکرد. دوای پرۆسەی دەنگدان ویەکەم بەردی بناغەی لەدایک بوونی یەکەم پەرلەمانی کوردستان لەسەرخاکی ئازادکراو. دەبوایە راگەیەنرایە کەبریتی بوو لە105 ئەندام پەرلەمان وبەگوێرەی هەڵبژاردنەکەش دەنگەکان بەم جۆرەبوون.
(پارتی دیموکراتی کوردستان 51 کورسی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان 49 کورسی ولیستی مۆری ئاشوریەکان 5 کورسی) . بەڵام دواتر وەک هەڵوێستی جوامێری هەمیشەی بەڕێز مەسعودبارزانی ولەپێناوی بەرژەوەندیە باڵاکانی نەتەوەکەمان وبەفیرۆ نەدانی دەسکەوتەکانی راپەڕین ومێژووی پرسەروەری خەباتی خوێناوی گەلی کورد رێژەی کورسیەکانی نێوان پارتی ویەکێتی لەسەر بنە مای شەراکەت بوو بە50کورسی بەرامبەر50 کورسی وپاشان رۆژی 4-6-1992 بۆ یەکەم جار ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان کۆبوونەوە و دانیشتنی یەکەمی خۆی سازداو دەستەی سەرۆکایەتی خۆی بەیەکسانی هەڵبژاردو دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانیش لە رۆژی 4-7-1992 یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەشێوەیەکی یەکگرتوو لە نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردستان دامەزراو

ڕۆژی دواتر واتە لە5-7-1992 لەتەلاری پەرلەمان سوێندی یاسایی یان خوارد. بەم جۆرەگەلی کورد بۆ یەکەم جار لەمێژووی هاوچەرخی خۆیدابووە خاوەنی پەرلەمان وحکومەتی ڕەسمی خۆی. پەرلەمانی کوردستان هێشتا شەش مانگی یەکەمی تەمەنی تەواونەکردبوو کەبووە جێگای ڕێزی دۆستانی گەلی کوردو متمانەکردن. کەلەلایەن چەندین پەرلەمانی ئەوروپی وخاوەن ئەزموونی درێژخایان داوەتنامەیان ئاراستەکرا. کە وەفدبنێر نە وولاتەکانیان وسەردانی تەلاری پەرلەمانەکانیان بکەن. سەر دانە کانیشیان بۆ ئەوروپا لە 18-10-1992 تا 18-12-1992 ی خایاند لە چەندین. دەولەتی جیاوازی ئەوروپاوەک. تورکیاو ئەلەمانیاو سوسیراو سویدو نەرویج و دانیمارک و نەمساو فەرەنسا. بۆبەدەست هێنانی کۆمەک وپشتیوانی لەکێشەی کورد بەگشتی وئەزموونە دیموکراتیەکەی لەکوردستان. سەرەڕای داڕووخانی ژێرخانی ئابووری وێران کراو لەدوای ڕاپەڕین. و بێ بناغەی سەرچاوەیەکی گەورەی دارایی. ئەرکێکی قورس وگران کەوتە سەرشانی هەردووپارتە سەرەکیەکەی کوردستان. کەهاوبەشن لەحکومەت. بەڕێکخستنەوەی دام ودەزگاکان ودابین کردنی پێداویستیەکانیان وموچەدان بەفەرمان بەرەکانی. تۆزێک میللەت بوژایەوەوکەوتە سەرپێ ی خۆی. بەلام مل ملانێی حیزبایەتی نەک لە خزمەتی خاک و نەتەوەدا نەبوو بەلکو شەڕی دەستەلات وناوچەگەرێتی هەڕەشەی لەهەمووئەزموونەکەمان دەکرد. کەبورکانێک بوو پڕ لەئاگروقین ودڵ ڕەشی کەلەماوەی دروست بوونی پەرلەمان پەنگی دەخوادەوەلەدوای گۆڕینی کابینەی یەکەم بۆ دووەم. وەک مۆتەکەیەک دەستی نایە بینەقا قای زەردەخەنەی ئازادی ولە 1ی ئایاری ساڵی 1994 بەشەڕێکی نێوخۆی تەقایەوەو بووە ماڵ وێرانی خەڵکی کوردستان ولەدەست دانی ڕۆڵەکانیان ولەدەست دانی هەزاران پێشمەرگەی کۆڵ نەدەری چەند ساڵەی شاخ وهەزاران لاوی خێر نەدیوی دڵ پڕ لە هیواو ئاواتی دواڕۆژێکی ئازادویەکسان لەبەرواری 28-3-1995 سوکایەتی کرا بەتەلاری پەرلەمان وداگیرکرا. شەڕی نێوخۆ هەمووکوردی گرتەوە. لە دوای ئازادکردنی هەولێر ی پایەتەخت ورەووینەوەی هەوری ڕەشی شەڕی نێوخۆ ومانەوەی تەلاری پەرلەمان وبرەودان بەشەرعیەتی. پەرلەمانی کوردستان وێڕای ئەوەی ماوەیەکی دوورودرێژ نەیتوانی خۆی نوێ بکاتەوەلەڕێ ی هەلبژاردنی گشتی بەلام وەک بنەمایەکی سیاسی مایەوە.

لە بەرواری 3-9-1996 بەئامادەبوونی 57 ئەندامی پەرلەمان لە نێوانیاندا 11 کەسیان پەرلەمانتاری سەربەفراکسیۆنی سەوزبوون. بڕیاریان لەدرێژ کردنەوەی پەرلەمان دا کەئەمەش یەکەم جار نەبوو بەلکو. چەندجارێک ئەم نوێ کردنەوەیەکرابووبۆ شەرعیەت دان بەپەرلەمانی کوردستان.

سەرەڕای چەندین کۆسپ وتەگەرەی جۆراوجۆرکەلەوادەی کارکردن وتەمەنیداڕووبەڕووی دەبوونەوە پەرلەمانی کوردستان. بەلام توانیویەتی سەربەرزانە ئەرکەمێژووییەکانی وفرمانەکانی خۆی جێ بەجێ بکات. لەدەرکردنی چەندین بڕیارویاساوفەرمانی هەمەجۆر. کەلەهەموویان گرنگتر جاڕدانی فیدرالیە لە بەرواری

4-10-1992 پەرلەمان بڕیاری لەسەردا لەچوارچێوەی عێراق دا. کە ئەمڕۆ یەکێکە لە بڕیارە هەرەگرنگ وچارەنووس سازەکانی گەلی کورد بۆ پێکهێنانی عێراقێکی تازەونووسینەوەی دەستوورێکی هەمیشەی عێراق وئامادەکردن بەبوونی کوردوزمانەکەی وەک شەریک لەیەک وولات ودیاری کردنی سنوری جوگرافیای کوردستان وشێوە فیدراڵیەکەی. لەبەرواری 26-9-1996 کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتەکایەوەبە بەرنامەیەکی ڕێک وپێک و گەڕانەوەی متمانەی خەڵکی کوردستان بۆی. بەکابینەی ئاوەدان کردنەوەو خزمەت گوزاری ناسرا. پاشانیش کابینەی چوارەم لەمانگی

كانوونی یەكەمی 1999 دامەزرا. بەهەمان شێوەی خزمەت كردن لەبواری ئاوەدان كردنەوەوگەشەپێدان وخزمەتگوزاری یەكان بەردەوام بوو. لەگەڵ شەرعیەت دان بەپەرلەمان. بەڵام لەم نێوەندەدا. دووئیدارەی جیاوازوناوچەگەری كاریان دەكرد.
لەڕووی كاركردنی حكومەتە وە جیاواز بوون لە هەڵسوكەوت وپەیوەندی كردن بە دۆستانی كوردوكۆمەك وپشتگری كردن بۆكورد. تاكار گەیشتە ئەوەی كە نەوت بەرامبەربەخۆراك دابین بكرێ بۆكوردستان ولەوبوجەتایبەتە بەپێ ی تواناوخزمەت كردنی ناوچەكان وشارەكان خزمەت گوزاری وئاوەدن كردنەوەیان بەخۆیانەوەدی. لەدوای گۆڕانكاریەكانی عێراق ونەمانی ڕژێمی سەدام وئازادكردنی عێراق بەگشتی. لەكەش وهەوایەكی دیموكراسی ونیمچە ئازادی كەلەهەندێ شوێن شەڕوپێكدادان مابوو. سازدانی یەكەم هەڵبژاردن لەعێراقی نوێ بەئەنجام گەیشت لەبەرواری 30-1-2005 وبەمەش دەرفەتێكی تر بۆ هەرێمی كوردستان وپەرلەمان ڕەخسا. ئەنجومەنی كوردستان لەخولی یەكەمی خۆیدا لە ڕۆژی 4 ی حوزەیرانی ساڵی 1992
هەتا دوایین دانیشتنی لەڕۆژی 7 ی نیسانی 2005 سەرەڕای بارودۆخی نالەباری كوردستان وعێراق ئەركە مێژوویەكانی ناوخۆی هەرێمی بەئەنجام گەیاندوەولە ئەنجامی سەركەوتنی گەلی كورد بەیەك لیست. هەنگاوی نوێ بوونەوەی نا بۆگەڕانەوەی متمانەی گەورەی یەكجارەكی كورد لەدەرئەنجامی یەك گرتنی لیستی هاوپەیمانی كوردستانی و سەرلەوتنی ئەنجامەكانی. هەڵبژاردنی سەرۆك كۆماری عێراق. بەڕێز جەلال تاڵەبانی وهەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێمی كوردستان. بەڕێز مەسعودبارزانی و پەرلەمان بۆ یەكێتی وحكومەت بۆپارتی بڕیاریان لەسەردا لە بەرواری 4-6-2005 پەرلەمانی تازە هەڵبژێردراوی كوردستان لەپایتەختی هەرێمی كوردستان. یەكەم دانیشتن و كۆبوونەوەی خولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانی بەئەنجام گەیاند.
جارێكی تر جێگای خۆشحالی بووبۆ گەلی كورد بەگشتی. بەماوەیەكی كەم هاوشانی شاندی پایەبەرزی حكومەت وپەرلەمانی عێراقی فیدڕاڵ. شاندی كوردستان بەڕێزعەدنان موفتی سەرۆكی نوێ ی تازەهەڵبژێراوی كوردستان. بەنوێنەرایەتی هەرێمی كوردستان وسەرۆكایەتی وەفدێكی هەرێمی كوردستانی كردوئامادەبوون لەكۆنگرەی نێودەوڵەتی بروكسل كە22ی حوزیرانی 2005 بەسەرپەرشتی ئەمەریكاویەكێتی ئەوروپاوبەشداری زیاترلە80 دەوڵەت وڕێكخراوی نێودەوڵەتی بەشداربوون كەپەیوەست بووبەباسكردن دەربارەی بارودۆخی ئێستای عێراقی فیدڕاڵ. لەكۆتای كۆنگرە بەكۆی دەنگ دانیان نابوو بەفیدڕاڵی لەچوارچێوەی عێراقێكی دیموكراتی یەكگرتوودا.
بۆیە دەكرێ بڵێین دوای 13 ساڵ كاری ناتەواو پچڕپچڕ و جیاوازو دوور لە خزمەت كردنی ڕاستەقینەی گەل ونزیك لە حیزبایەتی تەسك پەرلەمان. سەری نەوی نەكردوباڵەخانەی پەرلەمان بەباڵانمای هەر مایەوە و شەرعیەتی خۆی هەربەردەوام بوو وەك دەزگایەكی باڵای بڕیاردانی یاساكانی بەڕێوەبردن بۆ هەرێمەكەمان.
كەواتە دەتوانین بپرسین وبڵێین دوای ئەوهەمووناتەبایی ومل ملانیەی حیزبایەتی وخوێن ڕشتنی شەڕی نێو خۆ و گۆڕانكاری ناوچەكەمان وسیاسەتی دنیاوخۆڕاگری جەماوەری كوردستان. پەرلەمانی نوێ ی هەڵبژێراوی كوردستان وەك یەك لایەنەوخزمەت كردن بەخەڵكی كوردبەدواداچوون بكات بۆ كارە تەواو نەكراوەكانی خوولی پێشووی پەرلەمان وتێكەڵ كردنی كارەكانی هەردووپارتەسەرەكیەكەی كوردستان كەبەجیاواز دۆستیان بۆ كۆمەك وپشتگیری دروست كردوەبۆ گەلی كوردلەوسەردانانەی دەرەوەیاندا. كەچەندین دەوڵەتی دنیاو یستو یەتی هاوكاری وپشتگیربن لەپرۆسەكەمان وكێشەڕەواكەمان. من یەك نموونەی بچوك وەردەگرم لەكارەكانی ئەم دواییەی پێشوویان كەخۆم ئاگاداری بووم. ئایا

لەدوای نوێ کاری لەئەندامەکانی پەرلەمان ودامەزراندنەوەی هەیکەلی ڕێکخستنی پەرلەمانی نوێ ی هەڵبژێرراوی کوردستان. ئەندامە کۆنەکان کار و چالاکیەکان وراپۆرتەکانیان خستۆتەبەردەست ی پەرلەمانی نوێ بۆ لێکۆڵینەوە و بەدوادا چوون.
ڕیکەوتی 2005/1/17 وەفدێکی هاوبەشی پەرلەمانی کوردستان کەپێک هاتبوون لەفراکسیۆنی زەردو سەوز و مۆر. لەسەربانگهێشتی پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندی (SP) ی پێشوازیان لێ کرا لە فرۆکەخانەی (Schiphol) ی شاری ئەمستردام لەلایەن وەفدی پارتی ناوبراوبەڕێزان سەرداردۆسکی وفیێڵ ناسروچەندئەندامێکیان لەگەڵ هەندێ لەپەناهەندەی کوردونوێنەری پارت ورێکخراوەکوردیەکان پێشوازیەکی گەرمیان لێ کردن. دوای پشویەکی کورت وبەخێر هاتنیان لەلایەن ئامادەبوانەوەلەهۆڵی فرۆکەخانەی شاری ئەمستردام. دواتر بەڕێ کران بەرەوشارەوانی ئەمستردام لەلایەن وەفدی فراکسیۆنی پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندی پێشوازیان لێکرا
بەڕێزان:
باولوس یانسینن - سکرتێری گشتی حیزب SP
السیناتور تینی کوکس- سەرۆکی بەشی ئیشتراکی ئەنجومەنی پیران
هانس فان هینیغن – ئەندامی لیژنەمرکزی حیزب
خیدوفان لییمبوت – ئەندامی بەشی پەیوەندی دەرەوە لەپەرلەمان
فیێڵ نایر - ئەندامی حیزب
سردار دۆسکی - ئەندامی لیژنەمرکزی حیزب
. وەفدی پەرلەمانی کوردستانیش پێک هاتبوون لەبەڕێزان (سیروان کاکەیی. حمەعەلی تۆفیق. نیعمت عبدإڵڵە پێداود. بەکرحاجی سەفەر. مەزهەر عەلی هیرانی. شمائیل بنیامین) دوای بەخێر هاتن وخۆناسینیان کۆبوونەوەیەکی تێروتەسەلیان لەسەردواهەواڵی عێراق بەگشتی وکوردستان بەتایبەتی کردو وە هەروەها لەسەرپرۆسەی دەنگدان وهەڵبژاردن لەعێراق وئەوخۆئامادەباشیانەکراکەپرۆسەیەکی ئازادوخاوێن بۆ دوا ڕۆژێکی ڕووناکی عێراق بە ئەنجام بگات. وەهەروەها لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانە وە هە ر یەکە بەووتەیەکی کورت درێژەیان بەکۆبوونەوەکەوباسەکان دەداوتیشکیان خستەسەرئەوئازادیەی کەلەکوردستان بەرقەرارەلەسایەی حکومەت وپەرلەمانی کوردستان هەرلەئاوەدان کردنەوەی کوردستان وبەڕێوبردنی دەستەڵاتی بەڕێوبردنی کوردستان لەپاراستنی مافی مرۆڤ وزامن کردنی ئەمن وئاسایشی خەڵکی وپاراستنی سەروەت وسامانیان وئامادەباشی خەڵکی کوردستان بەرەوسندوقی دەنگدان وپێکەوەژیانی کوردلەعێراقێکی فیدراڵدا. وەهەروەهاچەندلایەن وکەسایەتیەکیش بەشدار بوون لەوکۆبوونەوەیدابەچەندووتەیەکی کورت بەڕێزان
فیێڵ نایر- سەرۆکی پلاتفۆرمی عێراق لەهۆڵەندا
حەمەشوان - سکرتێری حیزبی شیوعی کوردستان لەهۆڵەندا
ئەسحار حیدەری – نوێنەری حیزبی شیوعی عێراقی
ئۆراس ئیبراهیم - نوێنەری یەکێتی لاوانی ئافرەتان لەهۆڵەندا
دواتر بەشە جیاجیاکانی ناوشارەوانی ئەمستردام وهۆڵی کۆبوونەوەکانیان بەسەرکردەوەولەچۆنیەتی کارکردنیان لەوبەشەجیاجیایانەداهەموویان بۆباس کردن. دواتر بەڕێ کران بۆشاری لاهای بۆ شوێنی حەوانەوەیان. وەهەروەهارۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2005/1/18 پێشوازیان لێ کرالەپەرلەمانی هۆڵەندالەلایەن یان مارایینیس سەرۆکی حیزبی پارتی سۆسیالیستی هۆڵەنداووەفدەیاوەرەکەی. درێژەیان بەکۆبوونەوەکانیان داولەپەرلەمانی هۆڵەندی وئەنجومەنی پیرانیان بەسەرکردەوەکەچۆن کاری پەرلەمانی

بەئەنجام دەگەیەنن. هەروەهارۆژی چوارشەممەرێکەوتی 2005/1/19 لەپەرلەمانی هۆڵەندا درێژەبەکۆبوونەوەکانیان دەدەن لەگەڵ هەندێ پارت وکەسایەتی سیاسی گەورەگەورەی هۆڵەندی وئەندامانی پەرلەمانی هۆڵەندی وئەنجومەنی پیران. دواتر هەمان رۆژ بەرەووڵاتی برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا بەرێ کەوتوون وسەردانی پەیمانگای کوردی لەبروکسل دەکەن. هەروەهارۆژی پێنج شەممە رێکەوتی 2005/1/20لەپەرلەمانی ئەوروپا پێشوازیان لێ دەکرێ لەدوای چەندین کۆبوونەوەی سەرکەوتوورۆژێ پێنچ شەممەرێکەوتی 2005/1/20 گەرانەوەهۆڵەنداو لە رێکەوتی 2005/1/22 لەشاری رۆتردام لەدوای تەوابوونی پرۆگرامی وەفدی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندی. بەهاوبەشی ونوێنەرانی پارتی ویەکێتی لەهۆڵەندابەئامادەبوونی بەشێک لەبەناهەندەکوردەکان هەڵسان بەغیرانی کۆرێک بۆوەفدی پەرلەمانی کوردستان وتیشکیان زستەسەرچۆتێتی هاتن وهەڵسەنگاندنی کاروچالاکیەکانیان وبەئاکام گەیشتنی دەسکەو تە کانیان کردو دوای سێ کاتژمێرونیوتەواوبوو. وەفدی پەرلەمانی کوردستانیش دواتر گەرانەوە بۆ کوردستان.

لەکۆتایدا ئەوەندەماوەبیلێین. هیوادارین. بەرهەمی چەندین کاروچالاکی جێماوی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان. لەدەرەوەوناوەوە ماوە دەبێ بەدواداچوونی بۆبکرێ بۆبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان.

















